ژمارەیەکی زۆر لەکوردانی کەنەدا دەنگ نادەن...

ئەحمەد میراودەلی

بەرەزا عەلائەدین

کەمال ڕەئوف

نیان محەمەد

گۆران عەبدوڵلا

سەرهەنگ حەمە عەلی

پایان

شلێر عەزیز

حەمەڕەشید هەرەس

میدیا - کەنەدا/ بەپێی ئاماری ڕێکخراوی کۆچی نێودەوڵەتی I.O.M نزیکەی ٢٥ هەزار عێراقی لە کەنەدا مافی دەنگدانیان هەیە کە لەشارەکانی تۆرنتۆو ئۆتاواو کالگەری دەتوانن دەنگبدەن و ڕێژەی زۆریشیان کە ١١ هەزارە لەشاری تۆرنتۆن کە گەورەترین شاری کەنەدایە، تا ڕۆژی ئامادەکردنی ئەم ڕیپۆرتاژە نزیکەی حەوت هەزار کەس لە کەنەدا ناوی خۆیان تۆمار کردووە لێ بەگشتی کوردانی کەنەدا زۆر بەخەمساردی دەڕواننە هەڵبژاردن و ڕێژەیەکی زۆریشیان ئامادەی دەنگدان نین. لەمبارەیەوە راو بۆچوونی چەند کەسێکمان لەشارە جیاجیاکانی کەنەدا وەرگرت:

ئەو عێراقە بە فلسێك ناکرم

نووسەر د.ئەحمەد میراودەڵی کە دانیشتووی شاری کیچنەرە جگە لەوەی بەشداریکردنی خۆی لەهەڵبژاردنەکان بەتوندی ڕەتکردەوە ئاماژەشی بەوەدا کە "ئێمە هەموو ئاواتمان ئەوەیە ئەو عێراقەی کە کۆلۆنیالیزم دروستی کردووەو بەزۆرو زۆرداریش باشووری کوردستانی پێوە لکاند لەبەریەك هەڵبوەشێتەوە ئیدی ئەمڕۆ چۆن دەنگبدەم بۆ ئەو عێراقەی کە پارچەیەکی وڵاتەکەمی داگیر کردووە؟".

نووسەرو شانۆکار حەمەڕەشید هەرەس کە ئەویش هەر دانیشتووی کیچنەرە دیاربوو زۆر پەست بوو لەدەنگدان و پێیگوتین کە خۆی بەماڵ و منداڵەوەو بەو بەفرە زۆرە ٢٠ کم بڕیوەو هاتۆتە تۆرنتۆ بەڵکو دەنگبدات، بەڵام وەك خۆی دەڵێ "کە گەیشتمە ئەوێ بینیم ناوی کوردستان لەکولەکەی تەپڕیشدا نەبوو، یەك دوو عارەب لەبەر دەرگا وەستابوون پێیان گوتم ها بۆچی هاتووی؟ منیش گوتم وامزانیوە مەسەلەکە بۆ کوردستانە بۆیە هاتووم کەچی سەیرەکەم بۆ عێراقەکەی ئێوەیە ئەو عێراقەی کە بە فلسێك نایکڕم. بۆیە چۆن هاتم ئاواش گەڕامەوە" هەرەس کە زۆر لەعێراقچییەتی حیزبەکانی باشوور تووڕەیە دواجار گوتی "ئەو حیزبانە دەیانەوێ بمانخەنە کوڵانێکی دەرنەچووەوە، من ئەگەر نەشگەمە ئەوسەری ئەوە لەداخی عێراقیبوون دەشفڕم"!

کەموکورتی هەیە بەڵام دەنگ دەدەم

ئاری ئەسعەد بارزانی کە ئەندازیاری کارەبایەو دانیشتووی تۆرنتۆشە هەرچەندە پێی وایە کە هەڵبژاردن لە هەلومەرجێکی لەباردا ناکرێت و زۆر کەموکورتیش هەیەو کێشەی کەرکوك چارەسەر نەکراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەنگ دەدات و پێشی وایە کە کورد دەبێ بەجیدی بەرەو پیری دەنگدانەوە بچن چونکە دەنگدان کێشەی کورد بەرەو پێشەوە دەبات لەعێراقدا.

متمانەیان پێناکەم

شاعیرو ڕۆژنامەنووس سەرهەنگ حەمە عەلی کە چەند مانگێکە گەیشتۆتە تۆرنتۆ پێی وایە نوێنەرایەتی کورد لەعێراقدا پڕ کەموکوڕی بووە بەرادەیەك کە کورد گوێ لێ نەگیراوترین گرووپ بوو لە عێراقدا، ئەو دەڵێ من کێشەی متمانەم هەیە لەگەڵ نوێنەرەکانی کورد لەعێراقدا بۆیە دەنگ نادەم.

نووسەرو ڕۆژنامەنووس کەمال ڕەئوف کە دانیشتووی شاری چارلۆت تاونی هەرێمی دوورگەی میرئیدواردەو پالێوراوی (لیستی بێلایەنەکان)یشە بۆ پەرلەمانی کوردستان، ڕای وایە کە بەشداری کردنی کورد بەو شێوەیەی ئێستا لە هەڵبژاردنەکانی عێراق ئاو دەکات بە ئاشی ناسیۆنالیزمی عەرەبیداو دەبێتەوە بەمۆتەکەی سەرمان بۆیە دەبێ خەڵك بەو شێوەیە دەنگ بدات کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان بێت، "ئەگەر بوار هەبوو دەنگ بدەم بەم جۆرە دەنگی خۆم دەدەم".

نیان محەمەدی هاوسەری کەمال ڕەئوفیش وای بۆ دەچێت کە ئەو هەڵبژاردنە نابێتە هەوڵێك بۆ دیموکراتیزەکردنی کۆمەڵگەی عێراق ئەگەر مافی نەتەوەکان و ژنان و توێژەکانی تری تێدا لەبەرچاو نەگیرێت، بۆیە بەشداریکردنمان بەبێ دابین کردنی مافی سەربەخۆیی کوردستان بەشداریکردنێکی نەگەتیڤانەیەو دەنگدانە بەپەکپارچەیی خاکی عێراق.

ناچمە بەردەم سندوقێك کە ئاڵای عێراقی تێدا بشەکێتەوە

گۆران عەبدوڵلا کە بەرپرسی سایتی دەنگەکانەو لەتۆرنتۆ نیشتەجێیە بەراشکاوی پێی نەگوتین کە دەنگ دەدات یان نا، بەڵام ئەو وای بۆ دەچێت کە باشترین بەشداریکردنی کورد لە هەڵبژاردنەکانی عێراقدا هەر دەتوانێ کەمتر لە سێیەکی کورسییەکان بەدەست بێنێ و ئەو گوتی "من دڵنیام کە زۆربەی کورسییەکانی پەرلەمانی عێراق بەر باڵی کۆنەپەرست دەکەوێ کە ئاشکرایە ئەوانیش دان بەمافە ڕەواکانی کورددا نانێن"، بۆیە بەڕای بەرپرسی سایتەکانی دەنگەکان گرنگە کورد، ئەمڕۆ کاری جدی بکات بۆ داڕشتنی بنەماکانی دەوڵەت و کێشەی کوردیش بکرێتە کێشەیەکی جیهانی و بزووتنەوەکانی ریفراندۆمیش بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەهێز تر بکرێن.

شلێرعەزیز ڕەشیدی ئەندامی دەستەی نووسەرانی دەنگەکان گوتی "ئەستەمە بچمە پای سندوقێك کە ئاڵای عێراقی تێدا دەشکێتەوە، ئەو ئاڵایەی کە لەژێریدا کورد ئەنفال و کیمیاباران کراو منیش بەدرێژایی هەموو تەمەنم دژی ئەو ئاڵایە بووم ئیدی چۆن دەنگ بۆ شەکانەوەی ئەو ئاڵایە بدەم".

بەرەزا عەلائەدین کە خوێندکارەو لەتۆرنتۆ دادەنیشێ دەڵێ من بۆیە دەنگ نادەم چونکە باوەڕم بەعێراقیبوون نییەو ناشمەوێ بەهۆی دەنگی منەوە کەسانێك بێنە سەرکار کە دڵنیام دواڕۆژ هیچ بۆ میللەتەکەم ناکەن. ئەو خانمە دەیەوێت بەتەواوی خۆی لەو ناسنامە عێراقیە ڕزگار بکات و خۆشحاڵیشە کە ساڵی ئایندە دەبێتە هاووڵاتییەکی کەنەدی.

لەکاتی پرسینی ڕای بەرەزا، پایانی کچیشی کە تەمەنی نزیکەی حەوت ساڵە یەخەی گرتم و گوتی دەبێ لەمنیش بپرسی ئاخۆ دەنگ دەدەم یان نا! منیش گوتم دەباشە تۆ ڕات چییە گوتی "من کوردم و دەنگ بۆ عێراق نادەم چونکە عێراق وڵاتی عەرەبەو کوردستان وڵاتی ئێمەیە".

دواجار عەتا ئەکرەم دانیشتووی تۆرنتۆ گوتی "من دەنگدەدەم، دەنگدانی من بۆ کوردە نەك بۆ حیزبەکان، من دەمەوێ ڕێژەی کورد لەپەرلەمانی داهاتووی عێراقدا زۆربێت تا بتوانین بەرامبەر خەڵکی شۆڤێنیستی عەرەبی بوەستینەوە".

ئاسۆ کەریم- ئەندامی لیژنەی باڵای بزووتنەوەی را پرسی (ریفراندۆم):

بەمەزەندەی من ٩٠٪ی دەنگدەران بەشداری ریفراندۆمی نارەسمی دەکەن

میدیا- هەولێر/ لیژنەی باڵای "بزووتنەوەی راپرسی (ریفراندۆم) لەکوردستان" لەلایەن هەردوو ئیدارەی هەولێرو سلێمانییەوە پشتگیری لێدەکرێ، لەکۆبوونەوەی ڕۆژی ٢٠٠٥/١٠/٢٩ لەسلێمانی بڕیاریدا کە هاوشان لەگەڵ هەڵبژاردنی گشتیی عێراق و کوردستاندا لە ٢٠٠٥/١/٣٠ ڕاپرسییەکی نارەسمی ئەنجامبدات، ئەویش بەدانانی سندوقی دەنگدان لەبەردەم هەموو بنکەکانی دەنگدان لەکوردستان. ڕاپرسییەکەش لەسەر ئەو پرسیارە دەبێت (چیت دەوێ؟ کوردستان بەشێك بێ لەعێراق یان کوردستان سەربەخۆبێت) لەبەردەم هەریەك لەم دوو پرسیارە بۆشاییەك هەیە کە دەنگدەر نیشانەی ڕاست ( ) یان ئیمزا لەسەر یەکێکیان دەکات، بەبێ ئەوەی ناوی خۆی بنووسێت. لەسەر نیوە پرسیاری (کوردستان بەشێك بێ لەعێراق) ئاڵای عێراق بە (الله أكبر)ەکەی دەستی سەددامەوە دانراوەو لەسەر نیوە پرسیاری (کوردستان سەربەخۆ بێت) ئاڵای کوردستان داندراوە.

هەروەها بەپێی ڕێنماییەکانی بزووتنەوەی راپرسی تەنیا ئەوانەی حەقی دەنگدانیان هەیە، واتە ئەوانەی تەمەنیان گەیشتوەتە ١٨ ساڵ و فۆرمی دەنگدان یان ناسنامەی ئەحوال مەدەنیان پێیە مافی بەشداریکردنی راپرسیەکەیان هەیە.

(ئاسۆ کەریم)ی ئەندامی لیژنەی باڵای بزووتنەوەی راپرسی کە لەڕۆژی ٢٠٠٥/١/٢٤ ئەو زانیاریانەی پێڕاگەیاندین لەبارەی بڕیارەکەیانەوە گوتی: "بڕیارەکە جێبەجێدەکەین و لەبەردەم دەرگای هاتنە دەرەوەی مەڵبەندەکانی دەنگدان دا خیوەتێك کەسندوقی راپرسی و پێنج کەسی باج لەملی بزووتنەوەی راپرسی تێدا دەبێ و خیوەتەکەش ئاڵای کوردستانی لەسەر دەبێت". هەروەها گوتی بۆ حاڵەتی تایبەت لەوانەیە تیمی گەڕۆکیش دروستبکەین. بەڵام ئاسۆ کەریم وتی: "ئێمە تائێستا دڵنیانین کە ئایا پرۆسەی راپرسی لەناو شاری کەرکوك و موسڵ ئەنجامدەدرێ یان نا، چونکە ئەو ناوچانە لەدەرەوەی دەسەڵاتی حکومەتی هەرێمن و بەراستی لەو ناوچانە مەترسی ئەوە هەیە کە ئایا پۆلیس ڕێگەمان پێدەدات یان نا"، هەر لەهەمانکاتدا دڵنیابوو لەوەی پرۆسەکە لەشنگارو شێخان و مەخموورو چەند ناوچەیەکی دیکەی سەر بەشاری موسڵ و هەندێ شوێنی پارێزگای کەرکوك و هەروا لەخانەقین ئەنجامدەدرێ.

سەبارەت بەئامادەکردنی پێداویستی و ڕادەی ئامادەکارییان بۆ ئەنجامدانی پرۆسەکەش گوتی بێگومان پێداویستی زۆری وەك خیوەت و سندوق و کورسی و مێزو ئاڵاو دروشم و فۆرمی ریفراندۆم پێویستە، ئێستا دەتوانم بڵێم هەموو ئەمانە بەرەو تەواوکردن دەچن و پێموایە ڕۆژی ١/٢٨ هەموو شتەکان تەواو ئامادە دەبن و سندوقی ریفراندۆم ڕۆژی ١/٣٠ لەبەردەم ٢٦٩ بنکە دەنگدانەکەی پارێزگای هەولێرو ١٧٧ی دهۆك و نزیکەی ٣٥٠ بنکەکەی سلێمانی دەبن.

سەبارەت بەسەرچاوەی دارایی و دابینکردنی پێداویستی و خەرجیەکانی ئەو پرۆسەیەش گوتی "ئێمە وەکو ڕێکخراوێکی ناحکومی NGO کە کارێکی دیموکراسیانە دەکەین داوای یارمەتیمان لەحکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، هەروەها زۆر لایەنی دیکەش بەتایبەتی سەندیکاکان و کۆمەڵەکان و هەروەها کەسایەتییەکان و ڕەوەندی کورد لەدەرەوەی وڵات پشتگیری مادی و بەشەرییان کردووین".

ئاسۆ کەریم لەبارەی پێشبینی خۆی سەبارەت بەرێژەی بەشداری دەنگدەران لەپرۆسەی راپرسییە نارەسمییەکەدا دەڵێ "بەگوێرەی تەوەقوعی من لەوانەیە ٩٠٪ی دەنگدەرە بەشدارەکانی هەڵبژاردن بەشداری ئەم پرۆسەیەش بکەن".

بزووتنەوەی راپرسی هیچ پرس و ڕایەکی ڕەسمی بە"کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لەعێراق" نەکردووە لەبارەی ئەنجامدانی ئەو ریفراندۆمە نارەسمییە، چونکە بەپێی بۆچوونی بزووتنەوەکە ئەوان کارێك دەکەن کە لەبنچینەدا شتێکی نارەسمییەو ئەنجامەکەشی شتێکی مولزەم نابێ بۆ UNو حکومەتی عێراق و کوردستان کە وەکو ئەنجامی هەڵبژاردنەکان پێوەی پابەندبن. چونکە ریفراندۆم کاتێك ڕەسمی دەبێ ئەگەر بەسەرپەرشتی UN یان بەرەزامەندی دەوڵەتەکە یاخود بەپێی دەستوری وڵاتەکە کرا. بەڵام لەهەمانکاتدا ئاسۆ کەریم دەڵێ: "ئێمە دەمانەوێ فورسەتی ئیختیارکردن بۆ گەلی کوردستان بکرێتەوە، نەك بڵێن ئەوە عێراقەو دەبێ پێی ڕازیبین" هەروەها گوتی "ئەوەی لەو پرۆسەیەدا بەلای ئێمەوە گرنگە ئەوەیە لەو پرۆسە دیموکراسییە ناراستەوخۆیەدا نیشانی دنیا بدەین کە ئەگەر فورسەت بەگەلی کوردستان بدرێ ئیرادەو خواستی ڕاستەقینەی خەڵك. بەرەو کام لایە" هەروەها ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە لەزۆر وڵاتی دیکەش پێش ئەوەی ریفراندۆمی ڕەسمیان تێدا ئەنجامبدرێ ریفراندۆمی نارەسمی وەکو ئەوەی ئێستای ئێمە لەلایەن ڕێکخراوێکی ناحکومی وەکو ئێمەوە کراوە.

بەمشێوەیەش گرنگی ئەو پرۆسەیەی بەدیار خست "چۆن ئیمزاکان کاریگەریان هەبوو، ئەوەش کاریگەری دەبێ. ئەگەر هاتوو دوای هەڵبژاردنەکان نێوانی گەلی کوردستان و حکومەتی ناوەندی عێراق بەبنبەست گەیشت و نەگەیشتنە چارەیەك بۆ ئەو کێشانەی تائێستا هەن ئەو دەمە ریفراندۆم دەبێتە تاقە ڕێگای یەکلاییکردنەوەی کێشەکان. هەروەك چۆن ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/٢٢ لەبارەگای نەتەوە یەکگرتووەکانیش لەنیویۆرك یاریدەدەرێکی کوفی ئەنان بەشاندی ئێمەی گوت ئەگەر هەموو پردەکان لەنێوان کوردو حکومەتی ناوەندی داپچڕان ئەو دەمە گەلی کوردستان بۆ مومارەسەرکردنی مافی چارەی خۆ نووسین دەتوانێ پەنابباتە بەر ریفراندۆمێکی گشتی". ئاسۆ کەریم هەروا زێدەتر گوتی کەبەپێی یاسای ئیدارەی دەوڵەتی عێراق بۆ قۆناغی ئینتیقالیش شتێکی لەو بابەتە هەیە کە ئەگەر کێشەکان، بەبنبەست گەیشتن UN دێتە ناوەوە بۆ براندنەوەی کێشەکان ئەو کاتیش تەنیا پشت بەئیرادەی سیاسی سەرکردە سیاسیەکان نابەسترێ بەڵکو دەگەڕێنەوە بۆ ڕاو ئیرادەی خەڵك.

شاندێکی بزووتنەوەی راپرسی کە لەمانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ڕابردووەوە چووەتە دەرەوە ئەوە بۆ ماوەی دوو مانگ دەچێ لەئەمریکاو ئەوروپایە، ڕۆژی ٢٠٠٤/١٢/٢٢ لەبارەگای UN لەنیویۆرك چاوی بەیاریدەدەرێکی کۆفی ئەنان کەوت و ملیۆنێك و حەوت سەت هەزار ئیمزای داواکردنی ریفراندۆمی لەسەر ١٢ سیدی دایە UN و دواتریش دایانە کۆمسیۆنی مافەکانی مرۆڤ لەجنێف و پەرلەمانی بەریتانیاو دانیمارك و یەکێتی ئەوروپا. ئاسۆ کەریم ئەنجامەکانی سەردانی ئەو شاندەی بەگرنگ وەسفکردو گوتی یاریدەدەرەکەی UN لەنامەیەکدا بۆ بزووتنەوەکەمانی ڕاگەیاندووە کە نوێنەری کۆفی ئەنان لەعێراق پێوەندیتان پێوە دەکات. هەروەها گوتی زۆر ڕادیۆو تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەی نێوداری جیهانی باسیان لەو هەنگاوەی داهاتووی بزووتنەوەی راپرسی کردووە، بەڵام لەهەندێ شوێن وەك تەلەفزیۆنی (الجزيرة)و (العربية)دا جۆرە شێواندنێك کراوە کە دەڵێن "کوردەکان دەیانەوێ ریفراندۆمێك بۆ سەربەخۆیی بکەن" لەکاتێکدا ئێمە پرۆسەکە ئەنجامدەدەین نەك بڕیار دەدەین، ئەنجامی ڕاپرسییەکەش دەریدەخات ڕای خەڵکی کوردستان چییە.

ئاسۆ کەریم گوتی تائێستا هیچ لایەن و نێوەندێك ناحەزی و ڕێگریان بەرامبەر ئەو هەنگاوە داهاتوویەی بزووتنەوەی راپرس نەکردووە "تەنیا هەندێ کوردی خۆمانە نەبێ کە لەسایتەکانی ئینتەرنێت دەنووسن کە گوایە ئەوە کارێکە بەفیتی پارتی و یەکێتی بۆ ڕاکێشانی خەڵك بەرەو سندوقەکانی دەنگدان".

دەنگدان بۆ کۆماری کوردستان، نەك بۆ عێراق

نووسینی : هادی ئەلیس

وەرگێڕانی لەئینگلیزیەوە : ئەمیر ئیسماعیل

لەدوای نزیکەی سەدەیەك لەشەڕو جینۆسایدو گۆڕی بەکۆمەڵ لەکوردستانی عێراق، عێراق وەکو دەوڵەت هەرەسی هێناو ستراتیج و بەرژەوەندییەکانی ئاسایشی نەتەوەیی کوردیش ئاماژە بە بەرەوپێشەوە چوونەی مەسەلەکە دەکەن، ئەوەش مانای ئەوەیە کاتی ئەوە هاتووە دەوڵەتێکی نەتەوەیی کوردی دابمەزرێت.

پێویست ناکات جارێکی تریش لێرە چیرۆکی مێژووی دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق دووبارە بکەینەوە. بەشداریکردنی کوردەکان لەعێراقدا لەڕووی سیاسی و ڕەگەزیەوە هەڵە بوو هەروەکو چۆن ئێستاش هەڵەیە. بەهۆی پێشکەوتنە تازەکانی جیهانەوە، هەلومەرجەکان بۆ ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان لەهەر کاتێك زیاتر لەبارە، هەروەها خواست و هیوای خەڵکی کوردیش بۆ ئەوە لەهەر کاتێك زیاترە. لەنزیکەی ٧ ملیۆن کوردی عێراق، نزیکەی ١,٧ ملیۆن ئیمزا کۆکرایەوە بۆ ڕایفراندۆمێکی نەتەوەیی بۆ بڕیاردان لەچارەنووسی خۆیان. جەنگی دووەمی کەنداو ئەو ڕاستییەی خستەوە یادی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، کەوا پێدەچوو ئەو ڕاستییەی پشتگوێ خستبێت کە کوردەکان جینۆساید دەکران. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەیەوێت دیسان کوردەکان بکاتەوە قوربانی و ببنەوە بەشێك لەعێراق و بگەڕێنەوە نێو یاری شەڕی ناوەخۆو جینۆساید.

ئەوە لەدەستی کوردەکان و سەرکردەکانیانە کەبڕیار بدەن چۆن کاروباری نەتەوەییان بەڕێوەببەن، نەك لەدەستی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی. لەسەدەی بیست و یەکدا کاری کۆمیتەی نێودەوڵەتی ئەوەیە سەیر بکات و لەمەسەلەکان تێبگات. کەلتوری زاڵ لەعێراقدا بریتییە لەکەلتوری دژە ئازادی و دیموکراسی و فرە نەتەوەیی و فرە سیاسەتی، هەروەها ئیسلامیش لەشێوەو فۆرمی خۆیدا نییە کە ڕێگە بە دیموکراتیزەکردنێکی خێرا بدات (هەروەکو ئەمریکا چاوەڕوانە وابێت). ئەو ڕاستیانەی سەرەوە بۆ وڵاتە چەوسێنەرەوەکانی تری وەکو ڕژێمی تورکیاو ئێران و سوریاش ڕاستە.

ئەمریکا کارێکی چاکی کرد لەیارمەتیدانی کوردەکان بۆ ڕزگار بوون لەچنگ سەددام و ڕژێمی بەعس، کە ببوونە هۆی کاولکردنی عێراق. ئەمریکا دەیەوێت ئەو کێشەیە چارەسەر بکات کە بەریتانیا دروستی کردبوو، بەشێوەیەك کوردەکان داوای قەرەبووکردنەوەی ئەو زیانە نەکەن کە لەکوردستانی گەورە ڕوو دەدات. سیاسەتی بەریتانیا بەرامبەر بەکوردو کوردستان هێشتا هەر هەمان سیاسەتە، هەمان بیرکردنەوەو بەرژەوەندییە.

کاتێك CPA دامەزرا، دەستوری کاتی عێراق مۆرکراو، کاتی یەکەمین هەڵبژاردنیش دیاریکران، ماف و داواکانی کورد لەپلەی دووەم دانران و بەناگرنگ زانران. بارودۆخی دوای شەڕ لەهەموو ڕوێکەوە دژی کورد بووە تائێستاش شوێنەکانی بەڕێزان د.بەرهەم ساڵح و هۆشیار زێباری جگە لە پەنجەرەیەکی کاتی چیتر نییە. چاوەڕوان بکەو ببینە بزانە دوای هەڵبژاردن حکومەتی عێراق چی بەسەردێت. دواهەمین شت کەپێویستە گرنگی پێبدرێت ئەو ڕاگەیاندنەی ئەیاد عەللاویە کە گوتی هەرێمی کوردستان تەنها ١٠٪ لەبودجەی نیشتمانی وەردەگرێت لەبری ٢٥٪. ئەیاد عەللاوی دژی کورد بووە تەنانەت پێش ئەوەی ببێتە سەرۆك وەزیرانیش. ئێستا کاتی ئەوەیە کە گەلی کوردستان بەرژەوەندی خۆیان بزانن. پێویستە هەڵبژاردنی عێراقی بایکۆت بکەن و دەنگ بۆ کورستانێکی جیاو سەربەخۆ بدەن.

پێویستە هەموولایەك لە ٣٠ ئەو مانگە دەنگ بۆ کۆماری کوردستان بدەن. عێراق جێبهێڵین و ئاڵای کوردستان بەرز بکەنەوە.

سەرچاوە: Kurdish Media

کوردەکانی سوێدو هەڵبژاردن...

ساڵە کوردە- سوێد/ کۆمسیونی باڵای هەڵبژاردنەکانی عێراق لەدەرەوەی ئەو وڵاتە، دوو ڕۆژ ماوەی خۆ ناونووسکردنی بۆ ئەوانەی دەیانەوێت بەشداری هەڵبژاردن بکەن درێژ کردەوە، واتە تا ١/٢٥. بەهۆی نەبوونی ئامارێکی دروست کە ئایا چەند کوردی باشووری کوردستان لەسوێد دادەنیشن و مافی دەنگدانیان هەیە، ناتوانرێت ژمارەی دەنگدەرانی کورد پێش هەڵبژاردن یانیش دوای هەڵبژاردن دیاری بکرێت، چونکە هەموو ئەوانەی کە دەچن دەنگ دەدەن وەکو عێراقی دەنگدەدەن و باکگراوندی ئێتنیکیان هیچ دەورێکی نییە، واتە کورت و کورمانجی هەموو ئەوانەی کە دەنگ دەدەن عێراقین.

لەگەڵ ئەوەی کە بەگوێرەی سەرچاوەیەکی بڕواپێکراو دوو برا کە دوو سەرمایەداری خەڵکی باکووری کوردستانن و نزیکایەتیان لەگەڵ پارتی هەیە، خەرجی گواستنەوەی کوردەکانیان لەسەرتاسەری سوێددا، خستۆتە ئەستۆی خۆیان، بەڵام دیسانیش کوردەکان وەکو ئەوەی دەسەڵاتدارنی کوردستان دەیانەوێت، بەرەو پیری هەڵبژاردن ناچن. خەڵکانێك هەن کە بەهۆشیاریەوە ناچن و هەندێکی تریش لەبەر تەمبەڵی و لەسەر تیۆری: هەموو شت بەدەست ئەمریکایەو ئێمە دەنگ بدەین یان نا دەوری نییە، تازە ئەمریکا جارێکی تر بە شومان نادات. ئەمە زیاتر لەنێو لایەنگرانی پارتی و یەکێتیدا وایە، هەروەك چۆن لە کوردستانیش باوە. دەبێت ئەوەش بوترێت کە شێوەی پروپاگەندەو کردنی ئاڵای عێراق بەسیمبوڵی هەڵبژاردن لەدەرەوە، کاریگەریەکی زۆر نەگەتیڤی هەیە بۆ بەشداری نەکردنی کورد بەتایبەتی ئەوانەی کە دوو دڵن لەدەنگداندا. تەنانەت ئەو کوردییەی کە بۆ نووسینی دروشمەکان و ناونیشانی جێگای ناونووسین بەکارهێنراوە، کوردییەکی شێواوو سەقەتە، پێدەچێت هەموو ئەمانە وەکو سوکایەتی بەکورد کرابن، لەگەڵ ئەوەی کە چەندین کورد لەو کۆمیتانەی هەڵبژاردن بەشدارن.

مەزەندە دەکرێت کە لەنێوان ١٥ تا ٢٠ هەزار عێراقی خۆیان لەسوێد ناونووس بکەن بۆ دەنگدان، ڕەنگە سێ یەکی ئەوانەی خۆیان ناونووس کردووە کوردبن، بەڵام ڕەنگە بڕێکی کەم لەو ژمارەیە لەڕۆژی دەنگداندا بەشداری نەکەن. دەبێت ئەوەش بوترێت کە هۆکاری تەکنیکیش هۆکارێکی ترە بۆ بەشداری نەکردنی خەڵکانێك، چونکە خەڵك تەنها لە دوو شاری ستۆکهۆڵم و یۆتۆبۆری دەتوانێ دەنگ بدات، ئەمەش بە بەراورد لەگەڵ پەرشو بڵاوی دەنگدەران و جوگرافیای سوێد، کارێکی زەحمەتە.

پێدەچێت وڵاتی سوێد یەکێك بێت لەو وڵاتانەی ئەوروپا کە زۆرترین دەنگی لێ بدرێت، بەهۆی هەبوونی ژمارەیەکی زۆر کوردو عەرەب و بەشێکی کەمیش تورکمان و ئاشووری، هەروەها پێدەچێت ڕادەی دەنگدەرانی کورد لەسوێد لە هەموو وڵاتەکانی ئەوروپا زۆرتر بێت. ماوەتەوە بڵێم کە ژمارەی دەنگدەران بەگشتی لەدەرەوەی وڵات لەچاو ڕێژەی ئەوانەی کە مافی دەنگدانیان هەیە کە ملیۆنێك و دووسەد هەزارە، زۆر کەمەو خەڵك بەخەمساردییەوە لەهەڵبژاردن دەڕوانن.

داد پەروەری، دەنگت کزەو ڕەنگت کاڵە!

پێشڕەوی سەید برایمی کۆیە

پێش پێنج ساڵ لەمەوبەر لەدیمانەیەکی ڕۆژنامەگەریدا، هزرەوانی کورد مەسعود محەممەد ڕووبەڕووی پرسیارێك دەبێتەوە، کە وەڵامەکەی چاوەڕوان نەکراوبوو. کاکی ڕۆژنامەنووس دەپرسێ: ڕاتان چییە بەرامبەر ئەو دوو حکومەتەی لەکوردستاندا هەیە؟ مامۆستا مەسعود دەبێژێ: گرنگ نییە چەند حکومەتمان هەیە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە حکومەتی عادلمان هەبێ!

بۆ فەیلەسوفی سەردەمی کورد دادپەروەری داوکاریو پێداویستێکی بایەخدارە. چەندایەتی بەلاوە کرنگ نییە، بەقەد ئەوەی چۆنیایەتیو ناوەڕۆکی سیاسەتی حکومەتێك، تا چ ڕادەیەك ڕۆڵی دەبێ لەژیانو گوزەرانی کورد. دیارە ئەم وەڵامە تەنها یەك ئاو هەڵدەگرێ، ئەویش نەبوونی دادپەروەرییە لە هەردوو حکومەتەکەدا!

مەسعود محەممەد وەکو هەموو لایەك شاهێدی بۆ دەدەن، پێی لە تەختەی چرووك نەداوە، بەو واتایە قسەو بۆچوونی لەخۆڕا دەرنەبڕیوە؟ گەر ئەو تا سەر ئێسقان خەمو نیگەرانی لەباری کورد کاری تێنەکردبێ، بڕوا ناکەم هەروا بەسووکو سێنایی داخۆیانێکی وا پڕ بەپێز بدا.

دیارە هەردوو حکومەتەکەش لەژێر دەسەڵاتی هەردوو حزبی زلهێزن، کەواتە ماکی ئەو بێ دادییە لەوانەوە سەرچاوە هەڵدەگرێ. ئەوان بەرپرسیاری سەرەکیین لەو نایەکسانییە، کە بەپێچەوانەی هەڵوێستی ڕۆژنامەیانە وەك لە میدیاکانیان یان لە پێڕەو پرۆگرامیان بەدی دەکرێ.

بەڵام نادادپەروەریان لەچی بەدیار دەکەوێ؟ پێش ئەوە، دەبێ ئەوە ساغ بکەینەوە، بەهەموو ناهۆشیاری جەماوەرەوە، هەر جەماوەر لەسەر حەقە. چونکە حزب وەك دەزگایەکی ڕێکخستن بەدووکانێك دەچێ، کە چاوەڕوانی کڕیار بکا، کڕیاریش بەپێوانەی ئابووریو بازرگانییەوە، وەك لە هەموو دنیاو لەکلتووری سەوداکردندا لابەلا کراوە، کڕیار هەمیشە لەسەر حەقە. ئەوە پەندێکە لەناو سەرجەم کۆمەڵانی جیهان پێڕەو دەکرێو دەگوترێتەوە. حزبی دەسەڵاتدارو حکومەتەکەی، هەر ئەوەندە دەبێ شانازی بە کارو چالاکیو خزمەتگوزەرانییەکانیان بکەن، کە ئەرکێکە بە حوکمی بەرپرسیارێتیان، دەبێ جێبەجێی بکەن. لافو گزاف لێدان لەسەر خەڵك بەو پرۆژانەی ئەنجامی دەدەن، هاوارێکی بێهودەیە. خەڵك دەبێ بەقەناعەتی ئازادانەی خۆیەوە بڕیار لەسەر ڕۆڵی کارەکانی حکومەت بدا، نەك حکومەتو حزب کاوێژ بەدەمی جەماوەر بکەن لەو کارانە!

* حکومەت نابێ داهاتی وڵات بە کەیفو سەفای خۆی دابەش بکا. چۆن جەماوەر دەتوانێ سیاسەتی حکومەت پەسند بکا، لەکاتێکدا زۆربەی هەرە زۆری داهاتەکان لە دووسێ شار خەرج بکا. یەك دوو شار بکا بە بەهەشتو ئەوانی دیش پشت گوێ بخا؟!

* ناکرێو جێگای قبوڵ نییە پرۆژەیەکی کەیفو سەفا، داهاتێکی زۆری بۆ دابین بکا، یان تەنها هەڵمەتی شێرانە بەرێ بۆ جوانکردنی شارێك، کەچی شارەکانی دی پێویستیان بە ئاوەڕۆو ئاوو کارەبا هەبێت.

* دەکرێ پرۆژەیەکی لاوەکی ١٢ ملیۆن دۆلاری بۆ خەرج بکرێ، هێشتاش کۆبوونەوەی بۆ بکرێ، چونکە پرۆژەکە ئامانجی خۆی نە پێکاوە، بۆ ئەوەی چەندین قاتی دیکە پارەی بۆ دابین بکرێ. لەکاتێکدا بەو پارەیە، شارێکی وەك کفری یان قەڵادزێی پێ نۆژەنو ئاوەدان دەکرێتەوە؟

* ئەرێ ڕەوایە مندالانی شارێك لە نازو نیعمەت دابنو چەندین شوێنی ڕابواردنو یاریان هەبێ، ئەوانی دی هێشتا لەکوچەو کۆڵانو شەقامەکان یاری بکەن؟

* کەی ڕەوایە شارێك چەندین سەنتەرو ڕێکخراوی فێربوونی دیموکراتیو ژیانی ئازادی تێدا بێو بوار بڕەخسێنن بۆ ئەوەی خەڵك هۆشیار بکەن، کەچی لەشارەکانی دی هێشتا هەیهاهو بەرقەرار بێو دوایی گاڵتەشیان پێ بکرێ.

* سەیرو سەمەرەیە ئەو نادادپەروەرییە، چونکە هەروا شارو لادێ بەخێرایی بەدوو هێڵی تەریبدا هەنگاو دەنێن. ئەنجامەکەشی هەندێ شار خەریکە دەبنە گوندێکی گەورە!

* چەند ساڵە هەموو خەڵکی دەشتی کۆیە بە تکاو پەرۆشەوە داوای ڕاکێشانی کارەبای حکومەت دەکەن، گوێیان لێ ڕاناگیرێ، کەچی بە (کن فیکون)ێکی دەسترۆیشتووێك، خەریك بوو کارەبا سنووری دەستکردی نێوان یەکێتیو پارتی بترازێنێ!

* لە قوتووی چ عەتارێك دایە، پێشمەرگەی دێرین، تێکۆشەری ماندوو، کەسایەتییە بێ هەواو ماستاونەکەرەکان جێگایان لە حکومەتو حزب نەبێتەوە، بەدەیانی دی لە کۆنەبەعسو جاشو کوڕانی بنەماڵەو خێڵو خاوەن واستەو مامە حەمەکان، سەرچۆپی لرفاندن بنو لێپرسراوێتی گەورە وەرگرن؟

* خەبات بۆ ئەوە کرا، تا پۆستو لێپرسراوێتی بکرێ بە میرات. باوك بۆ کوڕو برا بۆ براو خزم بۆ خزم دابینو تاپۆ بکرێ؟

* حەی لەو دادپەروەریو دیموکراتیو ئازادییە، کە مافت نەبێ خۆت کاندید بکەیو بەقسەی جەماوەر نەکەیو ماف هەڵبژاردنی لێ زەوت بکرێ تا نوێنەری خۆی هەڵببژێرێ. دەشیرێنن، کە هەموومان ئەرکو مافمان وەکو یەکە!

* ئایا دادپەروەریو یەکسانی لەوەدایە، داهاتو سامانی وڵات تەخشانو پەخشان بکرێ بەسەر چەند کەسێکو ناوی بژاردەی لێ بنرێ. یان هەر سەرکردەیەی وەکو قیرو بنێشت بەچەند کەسێك بنووسێو شەڕیان لەسەر بکرێ. جا گرنگ نییە چ کەسایەتییەکیان هەیە؟

* توخوا لەوە عەنتیکە تر هەیە. هەرچەند تواناو کارامەییو پلەت باش بێ، بۆ ئەوەی لە پۆستێك دابمەزرێی، بەڵام گەر واستەیەكو پشتێکت نەبێ، کارت ئاسان نابێو شاد نابی بەو وەزیفەیە!

نا دادپەروەری گەر هیچ هەستێك لای جەماوەر نەخولقێنێو کاردانەوەیەکی نەبێ، ئەو هەستەی لەناخیدا شین دەبێ، کە نا دادپەروەری خەساڵەتی هەموو ئەوانەن، بۆ هەمیشە پشتیان لە پرەنسیبو هزریان کردۆتەوە، مەگەر بۆ دەرمانو لەکاتی دەنگدان جەماوەریان بەبیر بێتەوە، دەنا بەکردەوە کاتێ دەسەڵاتیان مارە کرد، دوا ئاوڕیان لەخەڵك دایەوە. خەڵکیش بەناچاری کەمتەرخەمی بۆ هەموو مەسەلەکان هەڵدەبژێرێو حەواڵەی خوایان دەکا! ئەوەش گەر بووە نەریتو با، سیستەمی ئاکارو بنەما کۆمەڵایەتیو سیاسییەکان تێك دەشێلێو لەبار یەکیان دەردێنێ. ئۆباڵەکەشی بێ سێو دوو دەکەوێتە سەر حکومەتو حزبی دەسەڵاتدار.

١/٣٠

هیوا خوازی کوردو ئاغایەتی عەرەب لەململانێدا دەبن

بەدر ئیسماعیل شێروکی

زۆر لەمێژە، بەئەندازەی تەمەنی چەند بەرە، بەدرێژایی ساڵانێکی ئەوەندە زۆر کەخۆی لەئاستانەی سەدەیەك دەدات، کورد ماڵ و گوندو شاری چۆڵ کردبوو، ئەشکەوت و دۆڵ و شاخ و کێوی ئاوەدان کردبوو.

لەو زەمەنە درێژوو کارەسات بارەدا، قۆناغەکان، بەرگ و ژیان، شادیو کەسەر، خەندەو تاڵترین زیرەو گریان لەتێکەڵاویو بەیەکداچوون و لەئامێز گرتنی نامەنتقی یەکتردا بوون.

لەو دەمانە کە هاوکێشەکان سەری هاوسەنگیان دەخواردو هاوسەنگی سەری هاوکێشەکانی دەهاڕی. خەنجەری دەبانی کوردی بەبێکەسیو غەریبانە سینگ بەسینگ و ڕووبەڕووی شمشێرە زەبەلاحەکانی عەرەب دەبووە، لەو دەمانە کە حوکمەکان کارەسات باربوون. مێژووەکان نامەرد بوونو بارودۆخەکان شوم. گەلێكو نەتەوەیەك لەکرشدانو بەرزەخێکی پڕ لەدڕندە فرێدرابوو.

لەباکووری ئەم وڵاتە، کە سروشتی جوان لەدەشتی پڕ خاكو خۆڵ نەبان بووە. کێو نزمی بێزاری دەکاو شەماڵو کوێستان لەڕەشەبای دووکەڵاویو گڕئاساو بۆگەن دەکشێتەوە، خەنجەری کوردی لەبەرگری مرۆڤانەدا نەبێ دەکەوێ، خوێن دایدەپۆشێ، ماندوو دەبێ، بەڵام چۆك نادا، ژەنگ ناهێنێو کۆڵ نابێ.

غەدرو شکەنجەو نامەردیو مردنو ژەهر لەباشوورەوەو مرۆڤایەتیو عەشقو سەربەرزیش لەباکوورو لەکێوەوە. دوو کالای بەقەد باڵای دوو نەتەوەو مرۆڤی جیاواز. سەرانسەری مێژووی مرۆڤایەتی پڕە لەو داستانەی کە لەدەستی بڵندترو سەرووترن، لەو هێزانەی لەئەویتر بەهێزترو لەسەروترن. ئەوانەی بادەڕوێنن دەبێ کرێوە دروێنە بکەن.

ئەگەرچی ئەوە چەند ساڵێکی کەمە بەڵام بەنرخ و شکۆدار، کورد کێوی بەجێهێشتووە، ئێستا لەشار دادەنیشێو ژیانی شارستانی تاقیدەکاتەوە. بەڵام شارنشینیو تاقی کردنەوەی ژیانی شارستانیش ئەوەندە ئاسانو ئارامو بێ دەردە سەر نییە. گەمەکان شوێنگۆڕکێ دەکەنو خانەکان دەگوازرێنەوە. لەجیاتی خەنجەرو شمشێر، ئێستا دەنگەکان ڕووبەڕووی یەکتر دەبنەوە. دیپلۆماسیو تیۆریو فۆرمۆڵو دیالۆگو ڕامیاریو فێڵ زانییەکان بەگژ یەکدا دەچن. شەڕ بەروخسارو شێوەیەکی جیاوازتر، بەتوندیو بێ ئامان بەڕێوەدەچێو وەك جارانیش ڕێبازی پیس، فێڵی دڕندانەو مەترسیدار تاکتیکی وێرانکارترو تێکدەرتر بۆ لەناوبردنی ئێمە دادەڕێژرێن.

ئەگەر ئێستا خەنجەرەکان لەبەرگری دانین و کالان کراون. شمشێرەکانیش ئیدی ناتوانن تاوان بکەن و بەرزەفت کراون. بەڵام شاخمان هەر بەداشەکانی جاران بەردەوامە. هێشتا (میر) مات نەبووە. چش کە شیرازەکانی بەرەی شەڕ خاوبوونەوەو مەکینەی جەنگ و مەرگەسات لەکار کەوتبێ. بەڵام لەگەڵ عەقڵیەتێك لەکێبەرکێدایین، کەمیراتخۆری سەدەیەك باڵا دەستیو داگیرکاریو ئاغایەتی ڕەهاو بێ سنوورە. لەدەشتەوە لەژێر شیلەو مەگەزستانی دار خورماوە خاکی عێراقی بەکێوو داربەڕوو کوێستانە بەفراوانیەکانی کوردەوە شەش دانگ لەسەر خۆی تاپۆ کردووە. لەمێژووی ئەو تەمەنەشیدا، ڕستەیەك، وشەیەك یاخاڵێکی دۆراندنی لەگەڵ کورد تێدا نییە. بۆیە من چاوەڕوان ناکەم گەمەکە بەو شێوە ئەخلاقیو شەریفانە بەڕێوەبچێو ڕکەبەرەکانمان ڕقە وشتریەکانیان دووبارە سەر ڕێژ نەکەنەوە.

کورد خەنجەری کالان کردووەو بڕیاریشی داوە، بەپاکی گەمەکە ئەنجامبداتو بەشەفافیو عاقڵانەو بەروحێکی وەرزشکارانە داشەکان بجوڵێنێ بۆیە ئێستا لەباکوورەوە دەنگەکانی کورد وەکو شەماڵێك و هەوایەکی پاك و فێنك، بە نەفەسێکی مرۆڤانە، بەرەو باشوور ڕێدەکەوێ تاکو دەروونی گڕگرتوو ڕوح و ڕەوانی سادیسانەی تاکڕەو هەموو خوازو تالانکەری عەرەب هێور بکاتەوە. دەنگەکانی کوردستان هەوێنی یەکتر گری پێکهاتە هۆزاویەکەی یەکنەگری بەگەڵ نەبوویی عەرەب دەبن، گەرچی عەشیرەکان، شێخەکان و عەگالەکان، لوتبەرزانە خۆ لەئاقاری فامی ئەو ڕاستییە نادەن و هێشتا گێچەڵی وەهمە مێژووییەکەی سەدەی ڕابردوو لەباڵەخانەی بەئیجارە دراوی سەریان دەخولێتەوە. کاتی هەڵبژاردن نزیك و نزیکتر دەبێتەوە. بۆ کورد هەموو شتێك کەوتۆتە بۆ شاییو لەشوێنی خۆی جێگیر نییە، کاتژمێرەکان خێراتر کات دەڕۆن دەکەن و دڵەکان زیاترو زووتر لێدەدەن، چاوەکان تیژتر دەنواڕن و دەم بەدەم لەسعاتی سفر نزیك دەبینەوە ساتە وەختێکی بەڕاستی هەستیارە. کورد لەبەرامبەر ڕووداوێك ڕاوەستاوە کە ئەگەر هۆشمەندانەو بەغیرەتی پێشمەرگانە ڕووبەڕووی نەبینەوە، بەهێزو تەکانی ١٠٠ ڕێختەر دەمان هەژێنێو ڕیسەکەمان دەکاتەوە خوریو دەمانهێنێتەوە سەر ساجی عەلی.

دەڵێن ئەم سەردەمە، سەردەمی بەکۆتاهاتنی مێژووە. بەڵام جیاواز لەمێژووی جیهان. ئەگەر کورد مەسەلەی هەڵبژاردن بەهەند وەرنەگرێو گرنگی پێ نەدا، ئەوە ئەگەر ٣٠ی مانگ کۆتایی مێژووی نەبێ خۆ گلۆربوونەوەو بەپێچەوانە بوونەوەو پاشەکشەیەکی خێرای مێژووی سەدەیەکی دەبێ.

ئەمە گەمەیەو ئەنجامەکانی ئەم گەمەیەش ناتوانێ هەر پێکەنین بێ، لەو گەمەیەش دا گەرچی شمشێرو خەنجەر لەئارادا نییە، بەڵام دەنگ لەبەرامبەر دەنگ. چاو لەبەرامبەر چاوو تاك لەبەرامبەر تاك و ماف لەبەرامبەر چەپۆکی زۆردارەوە. ئەگەر پێش هەموو شتێك کورد نەبینو یەك نەبین ڕەنگە ئەنجامی گەمەکە تراژیدیو خەمبار بێ.

ئەو هەلەشمان لە کیس چوو..

هێمن عەبدوڵڵا- هۆڵەندا

ئەم ڕۆژانە باشووری کوردستان بە هەستیارترین قۆناغی دیرۆکیدا تێدەپەڕێت، چەند ڕۆژێکی دیکە خەڵك دەچێتە بەر سندووقەکانی دەنگدانو بەپڕکردنەوەی لیستێك، کۆتایی بەزۆرتر لە چوارده ساڵ ئەزموونی نیمچە سەربەخۆی خۆبەڕێوەبردنی پارچەیەکی نیشتمانەکەمان دێت.

چەند ڕۆژێکی دیکە حکومەتی هەرێمی کوردستان بەفەرمی دەچێتەوە سەر بەغداو بەمەش جارێکیدی هەلی چێکردنی دەوڵەتی کوردستانمان لە کیس دەچێتەوە.. بۆیەش دەمەوێت لەدوایین نووسینمدا کە لەقۆناغی نەسەربەخۆییو نە بندەستیدا دەینووسم، هەڵوەستەیەك دەهەقبەر تەجرەبە نمونەییەکەماندا بکەم.

* * *

بەدرێژایی زۆرتر لە چوارده ساڵ، دەسەڵاتدارانی کوردستان نەك بەگوێی ئێمەدا، بەڵکو بەگوێی هەموو جیهانییانیان دادا، کە لەبەشە ڕزگارکراوەکەی باشووری کوردستاندا، ئەزمونێکی دێمۆکراتیکی نمونەیی، کە لەڕۆژهەڵاتی ناڤیندا بێوێنەیە!!، لەحاڵەتی خۆ داڕشتندایە.

بەڵام هیچکات لەخۆیان نەپرسی کە ئایا کەموێنەیی ئەو ئەزموونە لەچیدایە؟، لەشەڕی براکوژیو پاوانکردنی بازار لەلایەن لێپرسراوانو هەڵگەڕانەوە لەبنەما بەرزەکانی سەردەمی شۆڕش؟، یان لە ڕاوەدوونانی ڕوناکبیرانی ڕاجیاوازو دەمکوتکردنی دەنگە موخالیفەکان؟، ئایا بەپێی کام نمونەی دێمۆکراسی لەدنیادا دوو حکومەت لەبەردەم یەك پەرلەماندا شەرعیەتیان هەیەو نمونەیین!؟.

* * *

لەماوەی ڕابردوودا، هەڵبژاردنێکی پەرلەمانیمان کردو دەرەنجامەکانیمان قەبووڵنەکرد، هەڵبژاردنی شارەوانییەکانمان کردو وەك سەردەمی ڕژێم ڕەفتارمانکرد، ڕۆژنامەمان دەرکردنو ئازادیی سنووردارمان تێدا بەرجەستە کرد، سیستەمی موئەسەساتیمان داناو دەستمان لەتەزکیەو خاترانەی ئەمو ئەو هەڵنەگرت، قەراری عێراقیبوونمانداو پرسێکمان بە گەل نەکرد، ئایا ئەمە بوو نمونەیی ئەزمونێکی دێمۆکراسی؟!.

* * *

لەسەرەتای مانگی ئایندەوە دەستدەکەین بەنووسینەوەی یادگارییەکانمان سەبارەت بەزۆرتر لە چوارده ساڵ ئازادیو نەژیان لەژێر پەرچەمی داگیرکەرانی کوردستاندا، بەشبەحاڵی خۆم لەو ماوەیەدا، کە قۆناغی فامکردنەوەم وەك مرۆڤێکی بێدەوڵەت بوو، جگە لە کۆڵێك خەمی گەورەو خۆ بە بێکەسدیتن وەك کوردێك، شتێکی زیاترم نەبوو بۆ گێڕانەوە، هاوڕێیەکم لێی پرسیم: ناگەڕێیتەوە بۆ کوردستان؟، بە هێواشی پێمگوت: یادگارییەکی خۆشم نەبوو لەوێ، چۆن بگەڕێمەوە؟!

* * *

ئێستاش کە لە هەڵبژاردندا هاونیشتمانییەکانم دەگەڕێنەوە بۆ باوەشی "عێراقی هیواو ئاشتی!"، چەندە دڵم بە بەڵێنی تورکێك خۆشە بۆ بە برایانە ژیان دەگەڵ کورددا، هەرهێندەش بە هاوژیانی لەگەڵ برا چاورەشەکانی بەغداییم دڵ خۆشدەکەم، چاکیش دەزانم ئەو وڵاتەی بەتەمایین لە نوێیی بنیادی بنێین، لە ترەکەڵەکێك واوەتر نییە، بەڵام کە دەبینم خەڵك دەیانەوێت تێیدا بەشداربن، هەر هێندەم لەدەستدێت پێیان بڵێم: پیرۆزتان بێت گەڕانەوە، خوا بکات لەو هاوژیانییە پەشیمان نەبنەوە!.

* * *

واباوەڕدەکەم ئێمە لەماوەی چوارده ساڵی ڕابردوودا، پرۆڤەیەکی چاکمان کرد بۆ ناسینی بنەماکانی دیموکراسی، بەڵام نەمانتوانی ببینە ئەزموونێکی نموونەیی، گوتنی ڕاستیو خۆناسین، گوناه نییە!!.

www.hemnabdulla.blogspot.com

ڕقوکینی نەتەوەییانە گەورەترین هەڕەشەیە

نووسینی : بیتێ هامەرگرێن

BITTE HAMARGREN

سەردار ئەمین

لەسوێدییەوە کردوویە بە کوردی

ئەو لاوانەی کە ئەم هاوینە ئەمن لەهەولێری کوردستانی ئێراق دیتمن وا نەبوون، هەموو شتێکی ئەم دنیایەیان دەویست تەنیا نەیاندەویست سەر بە ئێراق بن، ئەوانە هەرچی ئەزموونی ناخۆش هەبوو لەهەمبەر ئێراق هەیان بوو، بۆچوونیان وەك ئەو ١،٧ ملیۆن کوردە وابوو کە واژووی مەرجی ڕیفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی کوردستانی ئێراق کردووە.

لەلێکۆڵینەوەیەکدا بیتێ هامەرگرێنی SvD دەڵێت:

بەمزووانە دوو ساڵ بەسەر هێرشەکەی ئەمریکادا بۆ سەر ئێراق تێدەپەڕێت، تابێت ئەم وڵاتە زیاتر لە بەلکانی سەرەتای ساڵانی ١٩٩٠ دەچێت، کە تێیدا کەوتە نێو شەڕێکی خوێناوی ئەتنیکیی ناوخۆوە.

فرە ئاوازی پەرلەمان هەڵبژاردنەکەی دوو حەوتووی دی ئێراق، کێبرکێکەی نێوان نەتەوەکانی توندوتیژ کردووە، ئایا ئێراق هیچ پاشەڕۆژێکی هەیە؟ گرفتەکە لەوەدایە ئێستا تادێت خەڵکەکە کەمتر ئێراقیبوونی خۆی دەخاتە پێش تایبەتمەندییەکانی دیکەوە.

هەندێك جار بیر لەو دۆستە ئێراقییە سوێدیەم دەکەمەوە کە پێش هەڵایسانی شەڕ پێیدەگوتم: "لەمەڕ سوننە، شیعە، کورد، فەلەو ترکمانەوە مەنووسە، ئێمە پێش هەموو شتێك عێراقین".

هەلومەرجەکە ئەو مرۆڤانەی دەهێنایەوە یادم، کە ساڵێك پێش هەڵگیرسانی شەڕ لە یۆگۆسلاڤیای ساڵی ١٩٩١ چاوم پێیاندەکەوت، ئەوانیش دەیانگوت "ئێمە هەر هەموومان یۆگۆسلاڤین پێمان مەیێژە سێربی، کورواتی یان بۆسنەیی".

بەڵام لەو کۆنە یۆگۆسلاڤیایە ساڵی ١٩٩١ بووە چلۆن شەڕێکی خوێناویو ئەتنیکی. ڕەنگە مێژوو دیسانەوە خۆی دووبارە بکاتەوە لەو ئێراقە فرە نەتەوەو ئایینو لەتوپەتەدا.

گەلێك ئێراقی لە سوێد دەخوازن بەهومێدەوە بڕواننە ئایندە، بەڵام کە قسان لەگەڵ ئەوانە دەکەیت کە تازە لەئێراق گەڕاونەتەوە، دیمەنێکی تاریكو نادیار بەدی دەکەیت، ڕاپۆرتەکانی ئەم زستانەی سەلام کەریمی هاوکاری SvD لە بەغداوە پیشانیدەدات کە چۆن ڕقوکینەی ئەتنیکی قولبۆتەوە گەر بەراوردی بکەیت لەگەڵ ساڵێك پێشتردا. باسکردنەکەی ئەمڕۆژانەی کەفا سمایلی ئەندازیاری ئێراقی سوێدی لە SvDدا دەربارەی موسڵ کە سێهەم گەورەترین شاری ئێراقە ، بەشارێکی لەتوپەتی بێ یاسا ناوی دەباو گەندەڵیش ئیفلیجی کردووە. کە گەڕاوەتەوە شارەکەی جارانی تێبینی ئەوەی کردووە کە چۆن خەڵك هیچ بڕوایان بە ئەمریکا نەماوە.

کەفا سمایل کە خۆی پاشخانێکی دوورەگی هەیە، پێش هەموو شتێك خۆی بە ئێراقی دەزانێت، بەڵام ئاخۆ دەبێت ئەمانە ژمارەیان چەند بێت؟

بەڵام ئەو لاوانەی کە ئەم هاوینە ئەمن لەهەولێری کوردستانی ئێراق دیتمن وا نەبوون، هەموو شتێکی ئەم دنیایەیان دەویست تەنیا نەیاندەویست سەر بە ئێراق بن، ئەوانە هەرچی ئەزموونی ناخۆش هەبوو لەهەمبەر ئێراق هەیان بوو، بۆچوونیان وەك ئەو ١،٧ ملیۆن کوردە وابوو کە واژووی مەرجی ڕیفراندۆمیان بۆ سەربەخۆیی کوردستانی ئێراق کردووە.

هەروەها بیریش لەو سوننە عارەبانەی هۆزی بەنی حەسەنیش دەکەمەوە کە نۆڤەمبەر لەئەردەن چاوم پێیان کەوت کە کەسانێکن سەر بەهەمان هۆزەکانی فەلوجەن، کە پێناسەی سوننێتیان گەلێك بەهێزە.

شیعە موسڵمانە مەزهەبییەکانیشمان هەیە کە دەتوانیت لە جەم مزگەوتی ستی زینب لەدیمەشقو یان لە مزگەوتی ئیمامی عەلی لە یارفێلە Jarfalla کە گەڕەکێکە لە ستۆکهۆڵم، بیانبینیت ئەگەر ناخوازیت بۆ خۆت بچیتە نەجەف یاخود بەغدا، کە بەلانی کەمەوە بۆ ئەمان پێناسە ئاینییەکەیان وەك پێناسەی نەتەوەیی وایە.

ئێستا لەئێراق یاری بەکارتی نەتەوەیی دەکرێت، زۆریش خەتەرناکە، سوپای ئەمریکا ئاگر خۆشکەری ئەم کارە بووە لەڕێی بەکارهێنانی نێزیکەی ٢٠٠٠ پێشمەرگەی کوردەوە، لەهێرشەکەی پایزدا بۆ سەر فەلوجە.

میلەت بیەردن Milt Beardenی سەرۆکی پێشووی سیا CIA لەئەفغانستان لەمەڕ ئەم هەلومەرجەوە لەدیمانەیەکدا لەگەڵ UPIدا دەڵێت: دەستمان کردووە بە یاریکردن بەکارتی نەتەوەیی لەئێراقدا، ڕێك وەك چلۆن شورەوی لەئەفغانستاندا کردی. ئەم کارتە تەنیا لەکاتێکدا یاری پێدەکرێت کە مرۆڤ بەرەو دۆڕاندن دەبێتەوە لەڕێی فرێدانی ئەم کارتەوە بۆ سەر مێزەکە، گوڕ بە دۆڕاندنەکە دەدەیت.

دەگونجێت هێرشەکەی ئەمریکا بۆ سەر ئێراق بەشەڕی ڤێتنام بگریت، بەڵام پێکگرتنێکی گێڕ. چونکە بۆ کۆتایی هێنان بەشەڕی ڤێتنام دەبوو ئەمریکا لەگەڵ یەك دانە غەنیمدا دانوستان بکات چونکە ڤێتنام زێدەتر هۆمۆجن بوو، بەڵام وەك هەمووان دەزانن ئەمریکا لەئێراق دەبێت لەگەڵ زۆر غەنیمان دانوستان بکات.

هەموو ئەو پاکانانەی ئەمریکاش کە بۆ شەڕ دژی ئێراق بانگەشەی بۆ دەکردن پووچ دەرچوون:

١-چەکی کۆکوژی لێنەبوو.

٢-هیچ پەیوەستییەك لەنێوان سەددامو ئەلقاعدەیدا نەبووە، بەپێچەوانەوە هێرشەکە هەموو جیهادکارانی لەوڵاتانەوە کێش کرد بۆ ئێراق.

٣-ئەمریکا ناتوانێت ئەو حکومەتەی ئەو دەیخوازێت لەبەغدا دایبمەزرێنێت، ئەو هەڵبژاردنە گشتییەی کە دەیەوێت لەئێراق ئەنجامیبدات وا زەن دەکرێت ئەنجامەکەی پەرلەمانێکە شیعە سیستانییەکان دەسەڵاتدار دەبن تێیدا.

٤-ئەمریکا ناتوانێت لەڕێی شەڕی ئێراقەوە نەخشەی خۆرهەڵاتی ناڤین سەرلەنوێ داڕێژێتەوە، هیچ ڕژێمێکی بەغدا چاوەڕێی ئەوەی لێناکرێ یەکسەر ددان بەئیسرائیلدا بنێت. وا بڕواش دەکرێت کە حکومەتی دادێت لەلایەن سەید عەبدولعەزیز ئەلحەکیمی عەمامە بەسەرەوە سەرۆکایەتی بکرێت. کە پەیوەندی لەگەڵ ئێرانی دوژمنی بابە گەورەی ئەمریکادا پەیدا دەکات. ئەو وڵاتەی کە حەکیم بە پەنابەری تێیدا ژیاوە.

٥-سەرچاوە نەوتییەکانی ئێراقو عارەبستانی سعودی بەبێ هیچ، ئێستا زیاتر سەلامەتترن لە پێش شەڕ.

لەبری ئەوەی کە ئێراق بەشەڕی ڤێتنام بچوێنین، دەتوانین لە یۆگۆسلاڤیای لە توپەتی ساڵانی ١٩٩٠ بڕوانینو بێژین کە دەستەیەکی کارای نێو نەتەوەیی مامەڵکردنی قەیران لەوێدا زۆر درەنگ دەست بەکاربوون.

یان دەتوانین بەشەڕە ناوخۆییە تولانییەکەی لوبنانی بگرین کە وڵاتانی دراوسێی گریانداو گرووپە ئەتنیکییەکان مەتەڕێزیان بەرامبەر یەکدی دامەزراند، بە شیعەی لەتبووەکانەوە کە دەیانخواست خۆیان قایم بکەنەوە.

لەکۆتاییدا دەتوانین ئێراق بەراورد بکەین بەخۆی، یان ڕاستتر بێژین بەراوردی بکەین بەو دەوڵەتەی کە بەریتانیای مەزن لەپاش شەڕی یەکەمی جیهان مەرجدارانە لەئیمپراتۆریەتی عوسمانلی دەرهاوردو دروستیکرد.

لەساڵی ١٩٢٠ هۆزە ڕاپەڕیوەکانی ئێراق دۆزەخیان پێشانی ئینگلیزەکاندا تا زۆر بەزەحمەت دەسەڵاتێکی پاشایەتی بێجەماوەریان لە بەغدا دامەزراند، ئەو دەسەڵاتە پاشایەتییەی کە لەساڵی ١٩٥٨دا تەختوتاراجیان تێکدا.

لەوەش خراپتر ئەوەیە کە ئێراقی ئەمڕۆ لەوە بچێت: ئەگەر گەشبینەکان بەهەڵەدا بچن!!و لەکاتێکدا قسەی بەگومانەکان -ئەوانەیترووسکی تێدا نابینن- بەڕاست بگەڕێت!!

سەرچاوە:

* ڕۆژنامەی (SvD) Dagbladet Svenska ڕۆژی یەکشەممە ١٦ی ژانویەی ٢٠٠٥.